# نەخشەو زاراوەی کوردستان و

# ( بلاد الاکراد )

**هاشم عاسی کاکەیی**

کاتێ سەرنجی لاپەڕەی کتێبە مێژووییە-مێژوونوسە کۆنەکانی هەزار ساڵو چەند سەدە گەلێك لەمەوبەری موسڵمانانی عەرەبو ئێرانی لەگەڕۆکەکانی جوگرافی ناسانی ئەو دەمانە بدەین کە باسی وڵاتو شارانی کوردانیان کردوە، هەر یەکە بەپێی زانیاری خۆی بەچەندەها شێوە لەوشەو زاراوەی کورد-یاخود (ئەکراد) دووانو بە نەتەوەیەکی تایبەتیان لەقەڵەم داون. بۆ ناوبردنی ئەو جێگاو شوێنەی کە کوردی تێدا دەژی بەوڵاتی کورد دەناسرا وتویانە : اقلیم الجبال، بلاد الجبال، جبال الاکراد، بلاد الاکراد، ارچ الاکراد. ئەم ناونانەش بەواتای ئەو خاکەی نەتەوەی کوردی لەسەر دەژی، هۆی سەرەکی ئەم هەموو ناو لێنانەش دەگەڕێتەو بۆ هۆکاری گرنگی شوێنو هەڵکەوتە جوگرافیاییەکەی کوردستان کە بووەتە هۆی ئەوەی داگیر کەران چاوی لێببڕنو هەمیشە کەوتوەتە بەر شاڵاوی تاڵانو برۆ لەم سۆنگەیەوە دەبینین هەر یەکێك لەو مێژوونوسە عەرەبو ئێرانییانە هەر لایەکیان بەناوێکی هەمە چەشنە ناویان بردوە وەك لەپێشەوە دیاریمان کرد. بەڵام لەمێژودا روداوێکی گرنگ رودەدا، ئەویش لەدوای ئەو هەموو ناوانەی کە پێشان بەسەر وڵاتی کوردا دابڕابوو، زاراوەکە دەگۆڕدرێو زاراوەی کوردستان دێتە ئاراوە ئەو هەموو ناوانەی پێشوو دەسڕێتەوە، زۆربەی سەرچاوەکانیش ئاماژە بەوە دەدەن کە زاراوەی کوردستان وەك زاراوەیەکی جوگرافییایی لەکتێبی (نزهت القلوب) ی حەمدوڵڵای مستەوفی قەزوێنیدا بەرچاو کەوتوە کە لەساڵی 740 ك هاتوەتە نوسین. هەر چەند ئەم ناو لێنانەش بەسەر بەشێکی وڵاتی کورداندا دابڕاوە، روداوەکەش لەسەردەمی سوڵتان سەنجەری سەلجوقیدا، لەنیوەی سەدەی شەشەمی کۆچی / دوانزەی زاینیدا بوە. دیارە ئەگەر بێتو ئەو سەرچاوانە هەمووی شیتەل بکەینەوەو پاشان بەیەکیاندا بدورینەوە دەڕوانین روبەری وڵاتی کوردستان گەلێك بەرفراوانتر بووە لەم سنورەی کە ئەمڕۆ دێتە پێش چاو، ئەمەش هۆکاری تابیەتی خۆی هەبوە لەتەسك بونەوەی ئەم روبەرە بەگوێرەی بارودۆخی رۆژگار لەداگیر کردنو بەجێهێشتنی خاك یاخود توانەوە لەژێر دەستی بێگانەدا. خاڵێکی گرنگی دی هەیە کە مێژونوسەکانی وەك (ابن خرداڑبە 280 ك/ 897 ز) (الاسگخری لە 346 ك کۆچی دوایی کردوە)، (ابن الحوقل النصیبی 367 ك / 977 ز کۆچی کردوە)، (المسعودی 346 ك کۆچی دوایی کردوە)، (ابن المهلهل لەدوای 377 ك / 987 ز مردوە)، (ابن الاپیر 630 ك / 1233 ز)، (ابن رشد)و (مەقریزیو مەحمودی کاشغەری، فەیروز ئابادی)و هی تر باسی تیرەو عەشیرەتە کوردەکانیان کردوە لەچ جێگاو شوێنێکدا هەبن. ناوبردنی ئەم هەموو بنەماڵەو عەشیرەتە کوردانە باسێکی گرنگە بۆ نمونە لوڕەکان ئەمانە راستە ئەمڕۆ بەشێکن لەنەتەوەی کورد بەڵام دەبێ بزانیین سەرەتا پێکهاتنیان وەك بنەماڵەو عەشیرەت پەیدا بوونەو بەرەبەرە قەوارەیان فراوانتر بووە تاوای لێهاتوە ببنە خاوەن شێوە زارێکی تایبەت بەخۆیان هەر چەندە بەشێکە لەزمانی کوردی، دوایش هەر ئەم لوڕە کوردانە کارێگەری مەزهەبی جافەرییان لەسەر بووە بەپێچەوانەی عەشیرەتو بنەماڵەکانی دیکەی کوردانی برایان. مینۆرسکی نوسیویەو ئەڵێ : ((ئاڵۆزیو گێژو گۆمی لەبەکار هێنانی مەفهومی (کورد)دا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان، بەگوێرەی قسەی ((حەمزەی ئیسفەهانی)) دەوروبەری 961/350ز چاپی بەرلین، ل 151 ((ئێرانییەکان، دەیلەمییەکانیان بەکوردی تەبەرستان ناو دەبرد، وەك چۆن بەعەرەبیشیان دەگوت کوردی سورستان واتە خەڵکی عیراق))[1] هەروەها لەکتێبەمێژوییەکاندا دەبینین هاتووە کە (دەیلەم-دەیلەمییەکان) نەوەیەکی کوردنو بەئاشکرا سەرچاوە عەرەبیو فارسییەکان کوردیان لەنەتەوەی فارسو عەرەب جیا کردۆتەوە، زۆر جار وتویانە کوردانی لوڕو کەڵهوڕ

لەك و شوانكارەو كوردانی فەیلی و دەیلەمی و ئێزیدی و زازاو دملی.. ئەمانەی ناومان بردن لەم تایفانەی كوردان كاتێ بونەتە خاوەن دەسەڵاتو ئیمارەتو دەوڵەت، ناوبانگەیان هەر بەو چەشنە دەركردووە، واتە ناوی حكومەتو ئیمارەتەكانیان بەناوی عەشیرەتو بنەماڵەكانیانەوە چەكەرەی كردووە پاشان پەرەی سەندووە، تا وای لێهاتووە بەو بەشە خاكەی كوردستانیش كە ئەو بنەماڵانە تێیدا بونەتە خاوەن دەسەڵات بەناوی جیا جیا ناو ببرێت چەشنی لورستان، كە جێگەو مەڵبەندی سەرەكی ئەم بنەماڵە كوردانە كوردستانی گەورەیە. ئینجا كە لەسەردەمی سوڵتان سەنجەری سەلجوقی، ناوچەی (جبال) لەكرماشان دادەبڕێ و ناوی (كوردستان)ی لێدەنرێت لەلایەن سوڵتانی سەلجوقییەوەو (سولەیمان شای ئایوا)ی برازای دەكاتە والی كوردستانو شاری (بەهار)یش دەبێتە پایتەختی، بەڕای یەكێك لەمێژوونوسانی خۆمان ئەم سولەیمان شایە تورك نەبووە، بەڵكو مەبەست لەسولەیمان شاه (ئەیوانی = هەیوانی) كوردە، نەك سلێمان شای ئێوانی توركمانی كوڕی پەرچەم هەروەها ناوی كوردستانیش لەسەردەمی سوڵتان سەنجەری سەلجوقییەوە پەیدا نەبووە، بەڵكو ڕای وایە بوونی ناوی (وڵاتی كورد) كە ئەكاتە كوردستان زیاتر لەسەد ساڵێك لەپێش سوڵتان سەنجەرەوە هەبووە، لەم نووسینەدا تاوتوێی ئەم ڕایە دەخەینە پێش چاو لەگەڵ پێشاندانی ئەو سەرچاوانەی كە ناوی وڵاتی كوردو كوردستانیان بردووە، جگە لەو شارو ناوچانەی كە كوردی تێدا دەژیان بەدرێژایی مێژوو. ئەو شوێن و ناوچانەی كوردی تێدا ژیاوە بەدرێژایی مێژوو شوێنگەلێكی زۆرن وا لێرەدا هەندێ سەرچاوە دەست نیشان دەكەین و دەقەكان وەك خۆیان رادەگوێزینەوە بێ وەرگێڕان، مەسعودی كە خاوەنی كتێبی (مروج الزهب)ە نوسیویەتی ((وماقلنا من الاكراد فالاشهر عند الناس، والاصح من انسابهم، انهم من ولد ربیعە بن نزار، فأما نوع من الاكراد-وهم الشوهجان ببلاد مابین الكوفە والبصرە، وهی ارج الدینور وهمزان-والماجردان-وهم من الكنكور ببلاد ئازربیجان والهلبانیە والسراە وماحوی بلاد الجبال من الشاژنجان واللریەوالمادنجان والمزدكان والبارسیان والخالیە والجابارقیە والجاوانیە والمستكان ومن حل بلاد الشام من الدبابلە وغیرهم، ومنهم الیعقوبیە والجورقان وهم نصاری ودیارهم مایلی بلاد الموصل وجبل الجودی))[2]

هەر ئەم گەڕۆكە عەرەبە جوگرافیناسە كتێبێكی تری داناوە لەدوای ئەوەی دڵنیا نەبووە لەو بردنەوەی ڕچەڵەكەی كورد بۆ سەر عەرەب كە ناوی ناوە (التنبیە والاشراف)و ئەمجارەیان بەم جۆرە پێناسەی كوردمان بۆ دەكات : ((.. وكژلك الاكراد عند الفرس من ولد كرد بن اسفندیار بن منوشهر منهم : البازنجان والشوهجان والشاژنجان والنشاورە والبوژیكان واللریە والجورقان والجاوانیە والبارسیان والجلالیە والمستكان والجابارقیە والجروغان والكیكان والماجردان والهژبانیە وغیرهم ممن بزمام فارس وكرمان وسجستان وخراسان واصبهان وارچ الجبال من الماهات، ماه كوفە، وماه بصرە، وماه سبژان والایغارین وهما البرج وكرج ابی دلف وهمژان وشهرزور ودراباژ والصامغان وئاژربیجان، وأرمینیە والران والبیلقان، والباب والابواب، ومن بالجزیرە والشام والپغور..))[3].

وەنەبێ خەڵكانی غەیرە كورد لەعەرب و عەجەم ئاگاداری مێژوو یاخود جوگرافییای شوێنانی نیشتەنی و شوێنانی كورد نشین كە بەكوردستان دەناسرێ نەبن و نەزانن كورد شوێن و ماوای كامەتا، بەڵكو ئەوەی ڕاستی بێ ژمارەی كورد لەسەردەمە رابردووەكاندا یان لەسەرەتای هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەكە گەلێ زۆرترو سنوری خاكەكەیشی هەر زۆر زیاترو خاوەن روبەرێكی بێ حەدو سنور بووە.

مسعربن مهلهل الخزرجی / 340 ك، كاتێ باسی شارەزور دەكات ئەڵێ :

((..ان بلدهم مشتی ستین الف بیت من اصناف الاكراد الجلالیە والیابسان-باسیان والحكمیە والسولیە ولهم بەمزارع كپیرە))[4] هەروەها ئەڵێت :

((وهژه المدينه (شهرزور) بناها دارا بن دارا ولم يفڤر الاسكندر بها ولا اقام اهلها الدعوه ولاملكها المسلمون ولافتحوها وانما دخل اهلها الاسلام بعد اليأس من گاعتهم والمتغلبون عليها من اهلها الى اليوم يقولون انهم ولد گالوت، واعمالها متصله بخانقين وكرخ جدان، مخصوصه بالعنب السونايا وڤله رمد العين، ومنها الى خانڤين يعترچ نهر تامرا وبخانڤين عين للنفگ عڤيمه..))[5]

هەمديس (ابن الحوڤل النصيبى البغدادى) لەكتيبى (صوره الارچ) كە لەساڵى 331 ك / 942 ز نوسيويەتى، سەبارەت شارەزورى نوسيوە كە تيايدا وتويەتى :

((... وشهرزور مدينه ڤد غلب عليها الاكراد وعلى ڤاربها ودنا من العراڨ وليس بها أمير من ڤبل السلگان ولا عامل على وجوه أموالها وهى من رغد العيش وكپره الرخص.. وكژلك مدينه سهرورد كشهرزور ڤى الْوصاف التى ڤدمتها من ژكر خيراتها، وڤد غلب عليها الاكراد، وهى كهى ڤى ڤدر مساحتها ورڨعتها وكان اكپر اهلها الشراه ڤانتڤلوا عنها..))[6]

لەم ڤسانەى (ابن الحوڤل) دەردەكەوێ كە لەو سەردەمانەدا كورد خۆى خاوەن دەسەڵات بوە، ناوچەكانى خۆى پارستووە، ئينجا با زياتر گوێ لە (ابن الحوڤل) راگرين كە دەڵێ.

((والغالب على هژا المدن المژكوره والنواحى الموصوفه الجبال الشاهڤه العاليه والاوعار الصعبه المنيعه ,الا مابين همژان الى الرى والى ڤم ڤأن الغالب عليها السهل والجبال بها ڤليله، والژى يحيگ بالجبال الصعبه من حد شهرزور الى أمد ڤيما بين حدود ازربيجان والجزيره ونواحى الموصل وهو من گولها، وربما كان عرچها ڤى غير موچع الپلاپين ڤرسخاً..، ڤلا يرى ڤيها مرحله واحده ڤى سهل وهژا الجبال مسكونه مأهوله باڵكراد الحميديه واللاريه والهژبانيه، وغيرهم من اكراد شهرزور وسهرورد ومن شهرزور الى حلوان والصميره والسيروان واللور واصبهان وحد ڤارس راجعاً على ڤاسان الى همژان حتى ينتهى الى ڤزوين ونواحى الديلم وتمتد الجبال ڤى ازربيجان بين وعر وسهل وجبل الى جبل الڤبڨ على جبال الخرميه، واساڤل هژه الجبال من نواحى شهرزور الى نواحى ڤاسان..))[7].

لەكاتێكدا روونو ئاشكرايە، دەيلەمييەكان بەشێكن لەكورد، كە وابوو ژمارەى كوردو روبەرى خاكەكەى پانترو ڤراوانتر دەبێتەوەو دەيلەميش لەكتێبى (صوره الارچ)دا بەم جۆرە شوێنەكانيان دەست نيشان دەكرێت ((ڤأما ناحيه الديلم ڤسهل وجبل والسهل للجيل، وهم مڤترشون على شگ بحر الخزر تحت جبال الديلم وسكان هژه الجبال ڤهم الديلم المحچ، وهى جبال منيعه والمكان الژى كان تعدد الملك يسمى الگرَم وبه منام ىێل جستان ورياسه الديلم ڤيهم..))[8]




شايەنى باسە ناودارێكى ئەم ديلەمييانە بەناوى(ماكان كورى كاكى ديلەمى)، جەنگاوەرێكى زۆر ناودارو بەتوانا بووە ئەم ديلەمييانەش بە(كڤارو شراه) لەڤەڵەم دراون، كە پاشان بوونەتە بەشێك لەگرۆيانى عەلەوييان.

ئەگەر بمانەوێ هەڵەکانی مێژوونوسان دەرکەین سەبارەت بەدانانی رەچەڵکی کورد بەعەرەبو ئێرانی، ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێو هەندێکیان دایكو باوکی کوردیان بەجنۆکە لەقەڵەم داوە ! بەڵام تەنها ئەم نووسینەی ناو (سبائك الزهب في معرفه قبائل العرب) رادەگوێزمەوە کە کوردی لەنەوەی کوڕی ئاشورو سامی کوڕی حەزرەتی نوح داناوەو نوسیویە ((ومن بنی ایران همزا الکرد بچم الکاف والی ایران هزا تنسب مملکه ایران التی فیها ملوك الفرس. قال المعری الشهابی ابن فچل الله في کتاب التصریف، یقال في المسلمین الکرد وفي الکفار والکرج وحینئز فیکون الکرد والکرج نسباً واحداً))[9]

کوردان بەزۆر شوێنو جێگادا بڵاوبوونەوە، ئەتوانین لەکتێبەمێژوییەکاندا بەچاکی ئەم راستیە بزانین بۆ نموونە (کوردانی ئەهواز) وەك (ابن الاپیر) ئەڵێ لەساڵی 29 ه /649-650 ز (ابی موسی الاشعری) لەسەر شاری بەسرە لابراوە بەهۆی هەندێك لەخەڵکانی فارسو کورد لەموسڵمانێتی هەڵگەڕاونەتەوە، ئەمەش لەسێیەمین ساڵی خەلافەتی عوسمان دا بووە.[10] بەڵێ کوردانی ئەهواز بەکوردانی دارانان دەناسران. کوردانی ئیقلیمی فارسو ئەسفەهان، خوراسانو شارەزورو نەهاوەندو دینەوەرو، کوردانی مەندەلی-بەندەنیجین، کوردانی (بلد الجبل)، کوردانی یاقوبیو جەلالیو مارانیو هەزبانیو کوردانی حیللەو حەمیدیو هەکاریو مەهرانیو بەختیو پەشنەویو شازنجانیو بەرزیکانو عیشانیو جاوانیو جورقانو کوردانی قوهیە-لەهەمەدانو کوردانی لوڕو کەڵهوڕو شوانکارەو، کوردانی زرزاریو حەکەمی، کوردانی فەیلیو دەیلەمیو ئێزدیو زازاو دملیو شارانی سنجارو تەل عەفەرو دیار رەبیعەو (السن)و (بوازیج). بۆ سەرنج راکێشان وتەیەکی شاعیری داغستانی هەمزە تۆڤ ئەنوسمەوە کە خۆی (لەك) بووە. هەموشمان دەزانین لەك بەشێکی گەورەی کوردان پێك دێنێو بەشێکیشیان لەداغستاندا دەژینو لەم دەڤەرەدا پەنجا هەزار کەس قسەی پێدەکەن. هەمزە تۆڤ دەڵێ لەداغستاندا قسەیەك هەیە دەڵێ ((کە شووتی دەشکێنی وریابە نەوەك (لەك)ێکی لێ دەرپەرێ))[11].


زاراوە یاخود لەفزی (کورد) و (ئەکراد) لەسەرچاوە کۆنەکاندا، بەتایبەتی لەکتێبی مێژوویيو جوگرافی شارناسانو گەڕۆکەکاندا هاتووە. ئەمانە ئاماژەیان بەوە داوە کە کورد نەوەیەکە لەخەڵك یاخود نەتەوەیەکی تایبەتن. مامۆستا زبیر بلال ئەڵێ (( لەسەردەمی ساسانی یەکاندا (226ز- 637ز) کوردستانیان بە(بلاد الجبال-وڵاتی چیا) نێو دەبرد، بەڵام لەفزی کوردستان بۆ یەکەم جار لەسەدەی دوانزەی زاینی لەسەردەمی ئیمپراتۆری سەلجوقی (سەنجەر)ی کۆچ کردووی ساڵی (552 ك / 1157 ز) هاتە ئاراوە)). [12].

بەراستی مێژوو نوسە موسڵمانەکان گەلێ زانیاری سیاسیو رۆشنبیریو ئابوریو کۆمەڵایەتیو جوگرافی گەلی کوردیان نوسیوە، هەر چەندە برێ جار بۆ هەر مەبەستێك بووبێ شێواندویانە، یەکێك لەوانەی بەجوانی لەمێژووی کورد دوابێ (ابن الپیر) ە کە بەمێژو نوسێکی کورد ئەژماردرێو لە (555 ك / 160 ز) لەجزیرە لەدایك بوە، زۆر باسو هەواڵی نایابی لەمەڕ دەوڵەتو ئیمارەتو قەڵاو شارو شوێنە کوردەکان بلاد الجبالو ئازەربایجانو دیار بەکرو ئەرمینیاو ئارانو وڵاتی شامو میسر باس کردوە، وەك دەوڵەتی حەسنەوێ وڵاتی چیاو دەوڵەتی (عەناز-عەیار)ی لەحەلوانو ئیمارەتی هەزبانی لەئازەربایجانو هەولێر، دەوڵەتی دۆستەکی یاخود مەروانی لەدیاربەکرو میافارقین، دەوڵەتی رەوادی لەئازەربایجانو دەوڵەتی ئەیوبی لەوڵاتی شامو جزیرەو میسرو یەمەن، ئیمارەتی هەکاری لەئامێدیو ئیمارەتی حەمیدی لەعەقرو شوش، شوانکارەی کورد لەفارس. [13] وەك وتمان ئەگەر تەماشای لاپەڕەکانی مێژوی نوسراوی موسڵمانە عەرەبو گەڕۆکەکان بدەین دەڕوانین وڵاتی کورد گەلێ بەرینو فراوان بووە، لەم سنورەی کە ئەمرۆ بۆی کێشراوە، واش دەردەکەوێ بەرەبەرە رووبەری تەسك بوەتەوە بەگوێرەی بارودۆخ بەڵام سەرچاوەکان ئاماژە دەکەن بۆ بوونی کورد لەدەرەوەی کوردستانی ئەم دەمە لەوانەش چەشنی (ابن الفقیه) لەکتێبی (مختصر کتاب البلدان)و (ابن خرداژبه) لەکتێبی (المسالك والممالك) و (ابن حوقل) لەکتێبی

(صوره الارج) بۆ نموونه (مەسعودى) و (ابن حوقل) ناوى سى گەڕەك لەولاّتى فارس دەبەن كه كورديان تێدا دەژىو هەروەها ئەڵێن ئەمانه زياتر له (500000) هەزار ماڵنو لەهەر گەڕەكێك هەزار سوار دەردەپەڕێ)) [14]

مامۆستا مەلا جەميل رۆژ بەيانى نوسيويه ئەڵێ (( لەكتێبى (المسالك والممالك) ى ابن خرداژبه 231 ك / 846 ز هاتووه كه كوردانى ولاّتى فارس لەچوار (زموم = رەمه، رەوە) تيره پێكهاتبوون، تيرەى (حسين ابن گيلويه) ناسراو بەناوى (بازنگانى) كه چوارده فرسەخ لەدوورى شيرازدا بوون، تيرەى (اردام بن جوانا) كه بەدورى 36 فرسەخ هەڵياندابوو لەشيرازەوە، تيرەى (قاسم بن شهريار) كه بەناوى (گوريان) رەنگه (گۆران) ناو دەبرێت كه پێنج فرسەخ لەدوور شيرازن، تيرەى (حسين ابن صالح) كه ناوى (سواران)ە- رەنگه سۆران-بێت كه حەوت فرسەخ لەدوورى شيرازەوەن، هەروەها (ابن البلخى) لەكتێبى (فارس نامه) نوسيويه كوردانى دانيشتوى ناوچەى فارس لەسەردەمە كۆنەكاندا پێنج تيره بون هەر تيرەيەكيش له 100 هەزار خێزان پێك دەهاتن)).[15]

گەڕيدەى بەناوبانگ (ابن حوقل البغدادى) لەكتێبى (صوره الارج) كه لەساڵى 331 ك /941 ز بەدواوه نوسيويەتى، هاتووه ناوى تايفەكانى كوردانى ولاّتى فارس ناونوس كردوه كه پێك هاتبون له (كرمانيه، رامانيه، مەدينيه، بەشيريه، بەلقيه، بەنداز مهرييه، ئيسحاقىيه، سەباحييه، ئازەرگانييه، سوهرەكييه، تەمادهەنييه، زياديه، شەهرەوييه، بەندازقيه، خەسرەوييه، زەنگييه، سەفەرييه، شەهيارييه، مەهرەكييه، موبارەكيه، ئيستامهەريه، شاهوييه، فوراتيه، سەلمونييه، صيرييه، ئازادوختيه، مەتلەبييه، مەعالييه، لارييه، بەرازدوختييه، شاهنگامييه، جەليلييه..)). [16]




نەخشەی (1) ، خريطة العراق

مەقريزى لەكتێبى (السلوك) دا هۆزه كوردەكانى ناوبردوه وەكو ((گورانييه، بەنوكوران، هەزبانييه، بەشنەوييه، شاهنجانييه، سرلجييه، بەزولييه، مەرانييه، زرزارييه، كيكانييه، جاك و لوڕدوبليه-واته لوڕو دونبڵى-رەوادىو ديسنييه-واته داسنى يەزيدى، هەكارييەو حەمييديه، دەركەجيه، مەروانييه، شەنبەكييەو جوبى))[17]. هەمزەى ئەسفەهانيش (350 ك / 961 ز) وتوويه (فارسەكان بەدەيلەمى يەكانيان وتووه كوردانى تەبەرستانو بەعەرەبەكانيشيان وتووه (كوردانى سورستان)).[18] فيروز ئابادى وتويه ((جاوان تيرەيەكه لەكوردان نيشتەجێى (حله المزديه) ى عيراق بوون، لەوانه يەكێكيان زانا محەمەدى كوڕى عەلى جاوانى بوو)) [19] هەروەها (ابن بگوگه) يش لەساڵى (727 ك) بە(حيلله) دا تێپەڕيوه لەوەسپى حيلەدا وتوويه ((خەڵكى ئەم شاره هەموو دوانزه ئيمامينو دوو تايەفەن : يەكيان بەكورد دەناسرێ ئەوى تريان بە(اهل الجامعين)) [20]. (ابن رشد /903 ز) باسى بوونى

کوردی کردووه لەزەوییە نشێوەکانی عێڕاقداو وتویەتی (کوردەکان لەچادردا دەژین لەزەوییە نشێوەکانی عێراق بەتایبەتی خوارووی مەدائن)) [21] مەسعودیش نوسیویە چەشنێ لەکوردان بەشوهجان دەناسرێن ئەمانە لەشارانی نیوان کوفەو بەصرەدان کە زەوی دینەوەرو هەمەدانە ... ماجردان کە بەشێکی (کەنگەوەر) ن لەوڵاتی ئازەربایجانو هەلبانیو سوراەو دەوروبەری وڵاتی چیا لەشازنجانو لوڕیو مادنجانو یارسانو خالیەو جابارقیو جاوانیو مەستەکانو ئەوانەی لەوڵاتی شام دا جێگیربون لەدەبابیلەو هیتر.. هەروەها یاقوبیو جورقان کە لەسەر دینی فەلەنو شوێنانی ئەکەوێتە شاری موسڵو چیای جودی)) [22] مەسعودی بۆ زیاتر خۆسەپاندنی زانیارییەکانی هاتووە لەکتێبێ تر بەناوی (التنبیە والاشراف) جارێکی دی لەکورد دواوەو تیرەو شوێنی نشتەجێیان دەگێڕێتەوە نوسیویە: بازنجانو شوهنجانو شازەنجانو نەشاورەو بوزیکانو لوڕو جورقانو جاوانو بارسیانو جەلالیو مەستکانو جابارقیو جروغانو کیکانو ماجردانو هەزبانیەو ئەوانی تر کە ئەکەونە شوێنانی فارسو کرمانو سەجەستانو خوراسانو ئەصفەهانو ناوچەکانی چیاکان لەماهەکانی : ماە کوفەو ماە بەصرە (دینەوەرو هەمەدان)و ماە سەبزانو ئیغارین کە بریتین لە (البڕج وکڕج) ی ئەبی دەلەفو هەمەدانو شارەزورو درابازو صامغانو ئازەربایجانو ئەرمینیەو ئارانو بیلقانو (باب الابواب)و هەروەها جزیرەو شام)) [23]

شەرەفخانی بەدلیسی (1005 ك / 1597 ز) لەدیاریکردنی سەر سنورەکانی کوردستاندا نوسیویە ((وڵاتی کوردستان لەهورمزەوە کە لەگوێی دەریای هیندەوە دەست پێدەکات، راست تا ویلایەتەکانی مەرعەشو مەڵاتیە هەڵدەکشێ. لەباکورەوە لەگەڵ فارسو عیراقی عەجەمو ئازەربایجانو ئەرمەنستانو لەباشورەوە لەگەڵ دیاربەکرو موسڵو عیراقی عەرەبدا هاوسنورە. کاتب چەلەبیش سنوری کوردستانی لەکتێبەکەیدا کە لە (ساڵی 1646) دا نووسیوە، وا نەخشەی کێشاوە کە لەباکورەوە لەگەڵ ئەرزە رۆمو لەباشورەوە لەگەڵ (بەسرە)و کەنداوی بەسرەدا یەك دەگرنەوە)). [24]

دکتۆر شاکر خصباك سەبارەت بەزاراوەی کوردستان بەم شێوەیە پێناسەی دەکات ((زاراوەی کوردستان روبەڕوی گەلێ شیکردنەوە بووەتەوە، هەرچەندە دەربڕینی نەتەوەیی بەواتای وڵاتی کورد دێت، بەڵام سنووری جوگرافی ئەم زاراوەیە زۆجار نەزانراوە بەهۆی شەڕو شۆڕو ئارامی بەخۆ نەدیتنی ناوچەو وڵاتەکە، بەهۆی شەپۆڵی بەردەوامی داگیر کەران لەوانەی دەهاتنە ناوچەکەو دەبوونە هۆی تێکدانی سنووریو شێواندنی تۆپۆگرافیای هەرێمەکانی کوردستان. هەرچەندە کۆنترین سەرچاوەی یۆنانی ناوی کوردستانی بردوە، نوسەرانی یۆنانو رۆمان، کوردستانیان بەناوی کوردونس Cordunce یاخود گوردیای gordiaea و سریانیەکانیش بەناوی کاردوQardu ناویان بردوە. نوسەرانی عەرەبی پێشین بە (اقلیم الجبال) یان ناو دەبرد، بەڵام وشەی کوردستان وەك زاراوەی جوگرافیایی وا دیارە بۆ یەکەم جار لەسەدەی دوانزەی زاینو لەسەردەمی سەلجوقییەکاندا پەیدا بوە، بەوەی سوڵتان سنجار هەستا بەدابڕینی ئیقلیمی چیاو خستیە ژێر دەستی سلێمان شای خزمیو ئەم ولایەتە تازەیەش زەوییەکانی درێژەوە بووی نیوان ئازەبایجانو لوڕستان (سنە، دینور، همدان، کرماشان) بوو جگە لەو ناوچانەی کەوتبونە خۆرئاوای چیاکانی زاگرۆس وەك شارەزورو کۆی سنجەق، دوایش مێژونوسە موسڵمانەکان وەك زاراوەیەکی جوگرافیان بەکار هێناو یەکەم جاریش لەکتێبی (نزهت القلوب) ی مستەوفی قەزوێنی دا دەرکەوت کە ساڵی 740 ك هاتووەتە نووسین)) [25]

دکتۆر (محسن محمد علی) یش نوسیویە : دابڕینی ناوی کوردستان بەسەر وڵاتی کوردا لەنیوەی سەدەی شەشەمی کۆچی / دوانزەی زایەنی بوو، بەڵام ئەم ناو نانە، بەسەر بەشێکی وڵاتی کورداندا دابڕاوە، ئەویش، لەسەردەمی سوڵتان سەنجەری سەلجوقیدا هەروەکو حەمدوڵلای مستەوفی لەکتێبی (نزهت القلوب) باسی دەکات)) [26]


دکتۆر جەمال رەشید نوسیویە ((پاش تێپەڕبوونی چەند سەدەیەك بەسەر سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی کوردان، ئەو شارانەی کەوتۆتە باکوری وڵاتی نێوان دوو روبار (بین النهرین)و رۆژئاوای ئێرانو بەشێك لەرۆژهەڵاتی ئەنەدۆل بەکوردستان

ناوبانگیان پەیدا کرد، ئەمەش لەسەرەتاکانی سەدەی 13 هەم دابوو، هەروەها سوڵتان سەنجەری سەلجوقیش ئەم ناوەی دابڕی بەسەر بەشێکی گەورەی ئەم ناوچانە جگە لەدیاربەکر)) (27)

دکتۆر محەمەد عەبدوڵلا نووسیویە ئەڵێ (( لەکاتێکدا بگەڕێنەوە بۆ نەخشەی کوردستان کە لەکتێبی شەرەفنامەدا هەیە، ئەبینین کەوا سنوری رۆژئاوای کوردستان بەناوچەگەلێکدا تێدەپەڕێ کە ئەمرۆ بەعەرەب دەژمێردرێ کەچی لەبنەڕەتدا کوردی بوونە، لەم ناوچانەش وەکو جەزیرەو نشیوەکانی ناوچەگەلێك لەمیسان، ئەم سنورەی کوردستانیش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1500 ز) و لەپاش تێپەربوونی نزیکەی (900) ساڵ بۆ پەیدا بوونی عەرەب لەعێراقدا)) (28)

لەنوسینەکانی ئەم سەردەمەدا بەدیاردەکەوێ کە لەنێوان سەدەکانی نۆیەمو دوانزەهەم. دا کوردەکان لەناو فارسو ئازەربایجانو ئەرمەنستانو (جیبالو زەوزان) دا لەشوێنێکی زۆر هەراو بەربڵاودا دەژیان، دیسان لەنوسینەکانی ئوستوخری وا فام دەکرێ ( لەسەردەمی دەیەمین دا ژیاوە) کە لەسەجستانو ئەسەد ئابادو شیرازو کرمانو خوزستانو مەرعەشیش کورد هەبوون، بەپێی (مەقدیسی) زەوران شارێك بووە لەگراوی (جزیرە) ی ئیبن عومەر، بەڵام بەپێی ئیبنولئەسیر کە ئەو بۆ خۆی خەڵکی (جزیرەو بۆتان) ە، زۆزان دوو رۆژە رێیان لەشاری موسڵەوە دوور بووە، سنوری لەنزیکی خەلات (ئەخلات)و سەلماس دەگەڕایەوە)) (29)

مامۆستا شوکور مستەفا لەنوسینێکدا وتویە ((وادیارە نەخشە کۆنەکەی (مەحمودی کاشغەری) کە یەکێکە لەزانا ناوادارەکانی تورکو لەسەدەی یازدەهەمدا ژیاوە، لەفەرهەنگی لوغاتی تورك (دیوان لغات الترك) لەساڵی (1072-1074) دا لەبەغدا بەزمانی عەرەبی نووسراوە ئەم نەخشەیەی کوردستانی تێدایە، کەم سەرنجی رۆشنبیرانی کوردی راکێشاوە)) (30) بۆیە مامۆستا شوکور مستەفا نووسیویە ((لەم نەخشەیەدا بەعەرەبی نووسراوە ارج الاکراد، واتە زەوی کوردان، خاکی کوردان. خوێنەری هێژا لەنەخشەکەدا دیارە ئەم (ارج الاکراد) ە کەوتۆتە نێوان ئازەربایجانو (ارج الشام) و سنووری میسرو (ارج الحجاز) و (ارج العراقین) و (ارج الخوراسان) دوە)) (31)




نەخشەی (٣) ، خريطة العراق للمقدسي


لەسەرچاوە کۆنەکاندا کاتێك باسی کورد دێت هەندێ جار نوسیویانە (بلاد الاکراد) و (جبال الاکراد) بڕوانە ئەم دوو دەقە (( لەسێ یەمین ساڵی خەلافەتی (عوسمان) هەندێك لەوڵاتی فارس دژی موسڵمانان ڕاپەڕین، هەروەها بەشێکیش لەوڵاتی کوردان)) (32)

((سوڵتان مەحمود غازانی خاوەن ئێران هەستا نامەیەکی بۆ سوڵتان (الملك الناصر محمد بن قلاون) ی خاوەن وڵاتی میسرو شام ناردو ئەم نامەیەش لەرۆژی 10 ی مانگی رەمەزانی ساڵی 700 ك لە (چیاکانی کوردان-جبال الاکراد) ەوە بوو))[33] لەبابەتێکی وەرگێڕدراوی مامۆستا شوکور مستەفا بەناوی نەخشەی مەحمودی کاشغەری‌و کوردستان لەنوسینی (مالمیسانژ) کە دیسان باسی وشەی کوردستان دەکات کە ناوی وڵات‌و نیشتمانی کوردەو لەسەدەی 12 ی زایەنی کەوتووەتە سەرزارو بەکارهێنراوەو ئەڵێ ((یەکێ لەنووسیارە هەرە کۆنەکان کە باسی کوردستانی کردوە مستەوفی‌یە، ئەم نووسیارە نووسیویە کە لەناوەندی سەدەی شەشەمی هیجری‌دا سوڵتان سەنجەری سەلجووقی (1116-1157) ناوچەی (جبال) ی لەکرماشان دابڕی‌و ناوی نا کوردستان. سوڵتان سەنجەر سولەیمان شای ئایپا (ئایوا) ی برازای کردبوو بەوالی کوردستان، سولەیمان شا پاش ئەوەی بوو بەوالی کوردستان شاری (بهار) یشی کرد بەپێتەختی خۆی، بهار لەرۆژئاوای باکوری هەمەدان بوو، بەپێی مستەوفی سنووری کوردستان دەگەیشتە عێراقی عەرەب‌و عێراقی عەجەم‌و ئازەربایجان‌و دیار بەکر، بێگومان کورد ناوی لەبەڵگەی کۆنتریش دا هەیە، بەڵام زێدو نیشتمانیان لەو سەرو بەندەدا بەهێندێ ناوی دیکەوە دەناسرا)) [34] شایانی باسە (مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی) رەخنەی گرتوە سەبارەت بەنوسینێکی وەرگێڕدراوی (ماموستا شوکور مستەفا) کە لەزمانی ئازەربایجانی یەوە بەناوی (مێژووی کورد لەسەدەی شازدەهەم) دا کردویە بەکوردی. بەبۆچوونی رۆژبەیانی مامۆستا شوکورو ئەوانەی پێش ئەو بەهەڵەدا چوونە هەروەها رۆژبەیانی خۆیشی، کاتێ ئەم (سلێمان شاە ئیوائی تورکمانی کوڕی پەرچەمیان) لەجێی (سلێمان شاە ئەیوانی = هەیوانی) کورد داناوە بەپادشای کوردستان، کە شاری (بەهار = وەهار) ی لای هەمەدانیان کردوە بەپایەتەختی. هاتووە چەندین بەڵگەی مێژوویی هێناوەتەوە کە ئەم دوو سلێمان شایە، یەك کەس نین‌و مێژوو نوسان بەهەڵەدا چوونە کە پادشا کوردەکەیان لێ گۆڕاوە بەکابرای تورکمان. ناوی کوردستانیش لەسەردەمی سوڵتان سەنجەری سەلجوقییەوە پەیدا بووە راست نی‌یە، چونکە ناوی (وڵاتی کورد) کە ئەکاتە کوردستان زیاتر لەصەد ساڵ پێش سوڵتان سەنجەر ناوی هاتووە. ((1- ئیبن حەوقەل ئەبو قاسم محەمەد کوڕی حەوقەلی بەغدایی کە لەنیوەی صەدەی چوارەمی کۆچیدا مردوە لەو نەخشەیەدا کە بۆ کتێبەکەی کێشاوە (لاپەڕە 356 چاپی عەرەبی‌و 102 تەرجەمەی فارسی) لەبەشی هەرێمی چیادا (الجبال) لەسەر بەشێکی نەخشەکەی نووسیویە (مصایف الاکراد ومشتاتیهم) ئەمە بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی لەوەبەر جێی کوردەکان دیار بوو، 2- مەحمود کوڕی حوسەنیی کوڕی محەمەدی کاشغەری-کە لەساڵی 466 ك مردوە-واتاپێش لەدایك بوونی سوڵتان سەنجەر بەچەند ساڵ-لەکتێبی (دیوان لغات ترك) دا نەخشەیێکیی تایبەتی بۆ وڵاتان کێشاوەو ناوی ((بلاد الاکراد-لەراستی دا (ارچ الاکراد-نوسراوە هـ. ك) واتە کوردستان تۆمار کراوە)) [35]

مامۆستا شوکور مستەفا نووسیویە بەهۆی گرنگی شوێن‌و هەڵکەوتنی جوگرافیایی کوردستان، میللەتی کورد بەدرێژایی سەدەکان‌و سەردەمەکانی رابردووی تووشی داگیرکردن‌و تاڵان‌و برۆی بێ پشوو بووەو هەر لەبەر سونگەی ئەمەیە، ئەو خاکەی نەتەوەی کورد لەسەر دەژی، سەردەمانێکی دوورو درێژ، مێژوونوسانی عارەب‌و ئێرانی هەر لایەکیان بەناوێکی هەمە چەشنە نێویان بردووە بۆ وێنە ((لەناوەندی سەدەی دوانزە (12)هەم دا، سوڵتان سەنجەری سەلجووقی بۆ ئەوەی سەرسنووری ویلایەتەکانی نێوان ئازەربایجان‌و لوڕستان، لەهەمدان‌و دینەوەرو کرماشان دیاری بکاو بەشی رۆژهەڵات بەکرماشانەوە ببەستێ، بەشێکی لەکوردستان بەسەربەخۆ جاڕداو هەر بەناوی ئەو خەڵکەوەیشی لێی دەژیان نێو ناو لەپاش ئەمە لەدەساوێژو قۆچانی رەسمی دەوڵەتی سەلجووقی‌دا ناوی کوردستان نووسراو شاری(بەهار)یش بووە بەپایەتەختی‌و سوڵتان سلێمان برای سوڵتان سەنجەری سەلجووقی لەسالانی (1161)دا بوو بەپادشای ئەو شارە، ئیدی بەم رەنگە دیرۆکنوسی ئێرانی حەمدوڵڵای قەزوێنی ناوی کوردستانی بۆ یەکەم جار لەکتێبەکەیدا نووسی‌و چەسپاندی))[36]. کەچی مامۆستا رۆژبەیانی ئەم قسانە رەت دەکاتەوەو ئەڵێ ئەوەی لەکتێبی(نزهت القلوب)ی حەمدوڵڵای قەزوێنی‌دا هاتووە وا نی‌یە وەکو ئەوەی شەمسی ئازەری وەری گرتووە، ئاماژە بۆ(نزهت القلوب) دەکات کە مامۆستا شوکور وەرگێڕاوە، رۆژبەیانی ئەڵێ ئەمەش دەقی نووسینەکەی کتێبی(نزهت القلوب)ە چاپی تاران، ل127 چاپی کتێبخانەی تەهوری (بابی دەیەم باسی

جێگاکانی کوردستان، که ئەویش شازده ویلایەتە، هەوای ناوەنجییە، سنووری نووساوە بەویلایەتەکانی عێراقی عەرەب-خوزستان-عیراقی عەجەم-ئازەربایجان-دیار بەکرەوە-مزەی دیوانی ئەم ویلایەتە (واریداتی وەزارەتی سامان و دارایی) لەسەردەمی ((سلێمان شاە ایوە))دا نزیکەی دووسەت تومانی ئەم سەردەمە بووە، بەڵام ئێستاکە بیست تومانو پێنج سەت دینارە کە هاتۆتە دەفتەرەوە، ویلایەتەکان ئەمانەن :(ئالانی-ئالیشتەر-بەهار-خفتیان-دەربەند تاج خاتون-دەربەند زەنگی-دزبیل-دینەوەر-سوڵتان ئاباد چەمچەماڵ-شارەزور-کرمانشاهان-کرندو خوشان-کەنگەوەر-مایدەشت-هەرسین-وستام) ئەمە دەقی نووسینەکەی (نزهت القلوب)ە، کە ناوی سوڵتان سەنجەری تێدا نییە، تەنیا ناوی (سلێمان شاە ئەیوە) هەیە کە سەری لەمێژوو نووسان تێکداوە))[37] ڤاسیل نیکیتین لەکتێبەکەیدا (کورد-لێکۆڵینەوەیەکی سوسیولۆژیو مێژوویییە)، باسی کوردستانو چەمکی ئەم زاراوەیە دەکاتو نووسیویە ((کوردستان بەواتای وڵاتی کورد دێتو هەرچەندە دەوڵەتێکی سەربەخۆی سنوور دیاری کراوی سیاسیانەی نییە کە گەلێکی هاوڕەگەزی تێدا بژێت، بەڵام بەلای کەمەوە زۆرینەی ئەگەڕێتەوە سەر هەمان رەگەزی کورد. ئەم ناوەشی بەدەر نەکەوت تەنیا لەسەدەی سیانزەهەمدا نەبێو لەسەردەمی سوڵتان سەنجەری گەورە پاشایانی سەلجووقی، کەوا ئەم ئیقلیمەی پێکەوە ناو قەڵای(بەهار)یشی کردە پایتەختی کە ئەکەوێتە باکوری رۆژئاوای هەمەدان. ئەم ئیقلیمەیش ولایەتەکانی هەمەدانو دینەوەرو کرماشان لەرۆژهەڵاتی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسو ویلایەتەکانی شارەزوورو سنجاری رۆژئاوای ئەم زنجیرەیەی دەگرتەوە. هەتاکو سەدەی دوازدەم ئەم ناوچانە نەدەناسران، تەنیا بەناونیشانی(جبل الجزیرە) یاخود(دیار بەکر) نەبێتو یەکەم مێژوونووس ناوی(کوردستان)ی بردبێ ئەویش حەمدووڵڵای کوڕی مستەوفی قەزوێنییە(سەدەی چواردە) لەکتێبی(نزهت القلوب)کەیدا ساڵی 740ك))[38] ڤاسیل نیکیتین درێژە بەقسان دەداتو ئەڵێ کاتێك بەراوردی زۆربەی سەرچاوە رۆژهەڵاتیەکان دەکەین دەگەینە ئەنجامێك کەوا کوردستانی ئێران، بەهەمەدانیشەوە بەشێکی ئەم ئیقلیمەی لەسەدەی(13)دا پێك دەهێنا کە عەرەب ناوی (الجبل)یان پێ دەوت. بەڵام ئەو بەشەکەی دیکەی کوردستان کە پاشتر بەکوردستانی تورکیاو عیراق (بلاد مابین النهرین) ناسرا، بەشێك بوو لەویلایەتی جزیرە، یاخود بەواتایەکی رونتر(دیار بەکر). بەڵام لەگەڵ هێرشو پەلاماری مەغول بۆ سەر ناوچەکە، کوردستانی ئێران لەم دەمەدا ناوچە چیاییەکانی زاگروسی دەگرتەوە، (بەهار)ی پایتەختیشی گرنگێتی خۆی لەدەست داو لەسەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفەکانی جەنگیزخان(سوڵتان ئاباد چەمچەماڵ) شوێنی گرتەوە، کە پاشان بووە شوێنی فەرمانڕەوایی کوردستانی ئێران، کە حوکمێکی ناوچەیی سەربەخۆییان هەبووە. بەڵام لەسەدەی پازدەهەمدا واتە لەسەردەمی حوکمی سەفەوی، هەمەدانو لوڕستانیان لێ دابڕی. عوسمانیەکانیش توانیان زەویەکانی ئەو ئیقلیمەی کەوتبووە رۆژئاوای چیاکانی زاگرۆس داگیر بکەن))[39].

مێژوونوسی تورك(شمس الدین سامی) لە (قاموس الاعلام) کە بەزمانی تورکییە، باسی کوردستانو جوگرافیای ناوچەکانیو دەوروبەریو سنوریمان لەنزیکەی ساڵی(1304ك) بۆ دەگێڕێتەوەو ئەڵێ((کوردستان بەشێکی گەورە لەزەویو زاری دەوڵەتی عوسمانی داگیر دەکاتو بەشێکی گرنگیش لەئێرانو بەمەش ئیقلیمێکی بەرفراوانی لێ پێکدێتو بە(کوردستان) نێو دەبرێت لەبەر ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی کوردن. لای ئێمە (دەوڵەتی عوسمانی) ئەو ناوچانەی کە کوردی تێدا دەژین بە(کوردستان ولایەتی) واتە ویلایەتی کوردستان نێو دەبرێت. زۆربەی ئەو ناوچانەی کە کوردی تێدان، زیاتر ئەو ناوچە شاخاوییانەیە کە ناو بەناو هەندێ دۆڵو نشێوی بەرفراوانی تێدایە.. لەسەردەمە رابردووەکاندا هەندێ لەمیلەتانی



نەخشەی (٣) ، خريطة العراق لابن حوقل


دی تێدا دانیشتوون، بەتایبەتی لەبەشە زەوییە نشێوەکاندا وەك ئاشوریو ئەرمەنی. بەهۆی سەختی دیاریکردنی سنوری ئەم ئیقلیمە لەرووی سیاسیو کارگێرِیەوە، ئێمە هەولْ دەدەین باسی سنورێکی مەزەندەیی بکەین، تەنیا لەرووی جوگرافیاوە، لە(سەرەوە) دەست پێدەکات بەباکوری کوردستانی (ورمیٚ-ئورمیە) تاکو لێوارەکانی دەریاچەی(وان) لەویلایەتی(بەتلیس) و بەشێك لەویلایەتی(دیار بەکر) و (ویلایەتی معموریە العزیز) و (قەزای دەرسیم) و بەشێکی گەورەی ویلایەتی (موسلْ : واتە کەرکوك-سلێمانی-هەولێر-هـ. ك). بەلاٚم لەئێران سنوری ئەم ویلایەتە دەگرێتەوە کە بە(ولایەتی کوردستان) نێو دەبرێت. هەروەها نیوەی(ولایەتی ئازەربایجان) کەوا بەشی باشوری رۆژئاوای کوردستان پێکدێنیٚ. بوێە ئیقلیمە کوردییەکەی لەئێران بەم شێوەیە دیاری دەکرێت: لەباکوری رۆژهەلاٚت ئازەربایجانو لەرۆژهەلاٚتی عیراقی عەجەمو لەباشوری لورِستانو عیراقی عەرەبە،بەلاٚم سەبارەت بەهێڵی درێژیو پانی ناوچەکە..ئەلیٚ : ((کوردستان ئەکەوێتە نێوان دوو هێڵی (34°-39°) پلەكو هێڵی پانی(37°-46°) پلەو لەسەر شێوەی سێگۆشەیەکی گەورەیە، روبەرەکەی(900کم) درێژ ئەبێتەوە، واتە لەلای ئەو شوێنەی کە (قەرەصو، مرادصو) یەکانگیر ئەبن لەباکور تاکو سنوری (لورِستان) لەباشورو بەپانایییەك خۆی لەنێوان(100کم تاکو 200کم) دەدات، جگە لەوەش هۆز گەلێکی زۆری کورد هەن لەدەرەوەی ئەم ئیقلیمە دەژین سنوریمان دیاریکرد. هەروەها لەدەوروبەری (حەلەب) و (دیمەشق) و بەشی باکوری جزیرەی (ابن عمر) و بەشێك لەناوچەی (قەوقاس) لەروسیاو ناوچەگەلێك لە(خۆراسان)و بەتایبەتی لەسەر سنوری ئەفغانیو ئێرانی، هەروەها ناوچەی (بلوجستان). بەلاٚم سەبارەت بەناوچەی (لورِستان) لەئێراندا، گەلی لورِستان خۆیان بەکورد نازانن لەبەر چەند هۆیەکی مەزهەبی !..)) [40]

لورِستان بەهۆی سیاسەتی مەزهەبی لەنێوان دوو دەولەتی عوسمانیو سەفەویدا بوەتە قوربانی سیاسەتو دابرِانی لەکوردستان، کە بەشێکە لەکوردستانی گەورە بەخاكو دانیشتوانیەوە. عوسمانی ئەوەی سوننی بوایە سەر بەخۆی ئەژماردو ئێرانیش ئەوەی شیعە بوایە بەبەشێك لەفارسی دەزانی کە لەراستیدا وا نەبو، لورِستان : شوێنو نیشتمانی لورە کوردەکانەو بەشێکن لەگەلی کوردو مێژونوسانو شارەزایان دانیان بەم راستیەدا ناوە، خاوەن دەسەلاٚتو ئیمارەت بوونە لەسەردەمە رابردوەکانداو ئەو دەڤەرەی کە کەوتووەتە باشوری ویلایەتی کرماشان بەولاٚتو شوێنی بنەرِەتی خێڵە کوردەکانی لورِ دەژمێردرێت، ئەو لێکولێنەوە مێژوویيو پاشماوە ئاسەوارە دۆزراوانەی ئەم ناوچەیە پەردەیان لەسەر هەقیقەتەکان هەلْمالیٚ، بۆ زانیاری زیاتر برِوانە (اللر و لرستان) علی سیدو الگورانی. روبەری خاکی لورِستان 390095 کم$^2$و ژمارەی دانیشتوانی 300/000 هەزار کەسو مەلْبەندەکەی شاری (بروجرد)ە)).[41]

یاقوت الحموی (626 ك /1228 ز) وتوویەتی : ((لورِ ئەو قەومی کوردەیە کە لەچیاکانی بەینی خوزستانو ئەصفەهاندا ساکینەو بەولاٚتەکەی بلاد اللور یا لورِستان ئەلێن)) [42]

هەروەها ئەمین زەکی ئەلیٚ ((بەعزیٚ موستەشرقین بەسەبەب فەرقێکی کەمی شێوەو زمان قەومی لورِ لەمیللەتی کورد جویٚ ئەکەنەوە ئەلێن چونکە زمانەکەیان دەشوبهێنە فارسی ئەبیٚ خۆشیان نەتەوەی قەومی فارس بن)) [43] لەوەلاٚمی ئەم بۆ چونەشیان ئەمین زەکی ئەلیٚ : ((ئەم ئیدعایە لام وایە صەحیح نیە، چونکە ئەوەلەن زمانی بەشی چوارەمین لورِ (فەیلی) لەفارسی زیاتر نزیکی کوردییەو زاتەن خۆشیان ئەلێن کوردین)) [44]

دیاره ناوچەو شار گەلێکی زۆر لەسنوری کوردستان جیاکراوەتەوە بەگەڕانەوەشمان بۆ سەرچاوە کۆنەکان گەلێ سودمەند دەبین لەم ڕێگایەشەوە رەنگە بتوانین هەوڵی ئەوە بدەین کە برێك لەو شارو شارۆچکانە بخەینەوە چوار چێوەی کوردستان بەتایبەتیش لەکوردستانی باشوردا کە بەشێکیان نزیکەی 80 ساڵە مشتو مڕی لەسەر دەکرێو ئەوانی تریش لەرۆژانی ئایندەدا. دکتۆر فوئاد حەمە خورشید ئەڵێ ((ئەم دەوڵەتی عیراقەش ئینگلیزەکان دوای شەڕی گەورەی یەکەمو لەئەنجامی



داگیرکردنیان بۆ ئەم وڵاتە لەدوو هەرێمی سەرەکی پێکیان هێنا، یەکەمیان کوردستانی خوارو دووهەمیشیان عیراقی عەرەب، بەواتایەکی تر یانیش گەڕانەوە بۆ کەلتوری عەرەبی ئیسلامی، عیراق لەکۆکردنەوەی (ارج السواد) و (عیراقی عەجەم) پێکهاتوە، یان بەواتایەکی دروستتر لە(عیراقی عەرەب) و (هەرێمی چیاکان) ی کورد پێکهاتوە)) (45)

(درایڤەر) لەساڵی 1919 لەنامیلکەیەدا بەناوی (کوردو کوردستان) باسی وڵاتی کوردانی کردوە، لەگەل دابەش بوونی ئیداری ناوچە کوردییەکان لەسەردەمی عوسمانیدا، نوسیویە ئەڵێ ((شۆڕبوونەوەی کوردستانی باشور لەخواروی دەریاچەی (وان) وە دەست پێدەکات تاکو شارۆچکەی (مەندەلی) وئەم ئیقلیمەیش بەلانکی سەرهەڵدانی گەلی کورد دەژمێردرێت کە یەکێکە لەنەوەکانی گەلی (کوردوینی) کۆن، هەندێ ناوی شارەکانی ئەم ئیقلیمە بریتی بونە لە : جزیرە، زاخۆ، ئالتون کۆپری، ئەربیل، کەرکوك، رەواندز، سلێمانی، کویسنجەق، هەروەها درایڤەر ئەڵێ کوردەکانی کەرکوك بەشێوەی موکری دەئاخێون)) (46)

سەرەنجام :

ئەمرۆ کورد لەعێراقدا خاوەن ئیقلیمێکی فیدرالیەو لەدەستوری ئایندەدا کە چارەنوسی کوردو عەرەبی تێدا دێتە گرێدان، دەبێ بە گوێرەی راستیە مێژووییەکانو جوگرافیاو نەخشە کۆنەکان کەرکوكو خانەقینو سنجارو مەندەلیو شوێنانی تر بخاتەوە سەر کوردستانو لەو دەستورە نوێیەی کە عێراقی نوێی لێ دروست دەبێت دیاری بکرێتو سنوری ئیقلیمەکەی کوردستانیش بچەسپێنرێت، هەروەها کورد دەبێ ئەوەی لەبەر چاو بێ هەر وەکو ئەمین زەکی بەگی خوالێخۆشبو باسی دەکات کە کوردی عێراق بریتی نیە لەکوردی ولایەتی موسڵی جاران، بەڵکو دەبێ ئەوە بزاندرێ لەلیواکانی بەغداو دیالەو عیمارەو کوتیشدا رێژەیەکی باش کوردی تێدان بۆیە ئەم خاڵەی خستووەتە پێش چاوو ئەڵێ ((نفوسی کوردی لیوای بەغدا تەقریبەن هەموی لەشاری بەغدادا کۆبۆتەوە، میقداری حەقیقی هەرچەندە مەعلوم نیە بەڵام رەنگە لەبەینی 25 و 30 هەزار کەسێکدا بێ. نفوسی کوردی لیوای دیالە باشتر تەسبیت کراوە، ناحیەی (هۆرین-شێخان، قوراتو) بەتەواوی کوردە،

ناحیەی مەرکەزو نەفسی شاری خانەقینیش ئەکسەریەتی قاهیرەی کوردە. لەناحیەی (قزلٚ رەبات) یشدا چ لەمەرکەزی ناحیەداو چ لەخارجیداو لەقەزای شەهرە بانیشدا بەشێك كورد هەیە. لەقەزای مەندەلیشدا عەشیرەتی قەرە ئولٚوس کە تەقریبەن 500 ماڵێکە کوردە. لەناحیەی (قزانیە) دا بەعزێ عەشائری لوڕ هەیە، دیێ (دێ شێخ) و (دەرو) کوردەو نەفسی مەرکەزی ناحیەش بەشێکی کوردەو لەفیرقەی قزانلوی باجەلانە لەقەصەبەی مەندەلیشدا کە سێ گەڕەکە یەکێکی بەتەواوی کوردە. لەقەزای بەدرەدا ناحیەی زرباتیەو لەناحیەی شێخ سەعد دا لە (بەکسایە-باغ شاهی) دا بەعزێ عەشائیرو زیراعی لوڕ هەیە، رەنگە ئەم کوردانەی قەزای خانەقین‌و مەندەلی‌و شارەبان‌و بەدرەو شێخ سەعد 40000 هەزار کەس کەمتر نەبێ))[47] بۆیە ئێمەیش ئەڵێن کورد لەزۆر جیگاو شۆینی تری عێراقدا هەن بەتایبەتیش لەشاری حیللە، رومادی، تکریت، سامەرا، لەبەر ئەمەیشە ئەڵێین عێراق لەدوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتوەو کە کوردو عەرەبە واتە کوردستانی باشورو عێراقی عەرەب. لەکۆتاییدا هیوادارم هەندێ راستی مێژویی کوردستان‌و بلاد الجبال و بلاد الاکراد و عیراق العرب و نەخشەی بەلگەدارو جوگرافیای کۆنی کوردستان‌و زاراوەکەم خستبێە پێش چاوی خوێنەرانی بەرێزی گەلەکەمان.


سەرچاوەو پەراوێزەکان

1- مینورسکیو کورد، کۆمەڵەی 6 وتار، وەرگێرانی ئەنوەر سوڵتانی، چاپی هەولێر، 2002، ل 83.

2- المسعودی-ابی الحسن علی بن الحسین بن علی المتوفی فی عام 346 ه، مروج الزهب، تحقیق محمد محی‌الدین عبد الحمید، الجزو الپانی، الگبعه الرابعه، مگبعه السعاده، 1384-1964 مصر. ص 124.

3- المسعودی، التنبیه والٲشراف، تحقیق عبدالله اسماعیل الساوی 1357-1938م، دار الصاوی للگبع والنشر، الگبعه الاولی، القاهره. ص 78.

4- ابن المهلهل-ابی دلف مسعر بن المهلهل الخزرجی، الرساله الپانیه نشرها مینورسکی، مگبعه جامعه القاهره، سنه 1955، ص 10.

5- هەمان سەرچاوە، ل 12.

6- ابن حوقل ابو القاسم محمد بن علی بن حوقل النصیبی (ت 367 ه / 977 م) صوره الارچ، گبعه بیروت، سنه 1979، ص 314.

7-8-بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ل 315، 320

9-السویدی-الشیخ ابی الفوز محمد امین البغدادی الشهیر بالسویدی، سبائك الزهب فی معرفه قبائل العرب، گبعه بغداد، ص 13.

10- زبیر بلال اسماعیل، الاکراد فی کتاب الکامل لٲبن الٲپیر، مجله کاروان، العدد 55، مایس 1987، ص 151.

11-رەسول حەمزە تۆڤ، داغستانی من، کتێبی یەکەم، وەرگێڕانی عەزیز گەردی چاپخانەی عەلاو، بەغدا، 1979، ل 74.

12- زبیر بلال، الاکراد فی کتاب مروج الزهب وتنبیه والاشراف للمسعودی، مجله کاروان، العدد 65، 1988، ص 138.

13- زبیر بلال، الاکراد فی کتاب الکامل لٲبن الٲپیر، مجله کاروان، العدد 55، ص 149.

14- الدكتور محسن محمد حسين، الكرد وبعج مصادر تأريخهم الاسلامى، مجله كاروان، العدد 24، 1984، ص 139.

15- محمد جميل الروژبيانى، اماره شوانكاره الكرديه، ترجمه شيرزاد الروژبيانى، مجله كاروان، العدد 30، 1985، ص 99.

16- هەمان سەرچاوەی پيشوو، ل 100 ؛ هەروەها بڕوانە رۆژبەيانی، چوار دەوڵەتی كوردی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبيری، هەولێر، 2000، ل 79.

17- زبير بلال اسماعيل، اماره الكرد الهڑبانيه، مجله كاروان، العدد 49، 1986، ص 130.

18- د. جمال رشيد، دراسات كرديه فى بلاد سوبارتو، دار أفاق عربيه، بغداد، 1984، ص 85.

19-20- د. مصگفىجواد، جاوان القبليه الكرديه المنسيه، مگبعه المجمع العلمى الكردى، بغداد، 1973، ص ص 8- 10

21- د. محمد عبدالله عمر، حدود كوردستان العراق، مجله نەوشەفەق، العدد 10، كانون الپانى 2004، ص 132.

22- زبير بلال اسماعيل، الاكراد فى كتابى مروج الڑهب وتنبيه والاشراف للمسعودى، مجله كارون، العدد 65، 1988، ص 140.

23-بڕوانە كاروان، ژمارە 65، 1988، ل 141؛ هەروەها كاروان ژمارە 54، 1987، جاوان، محمد جەميل رۆژبەيانی، وەرگێڕانی عبد المجيد عبد الحميد گوێری، ل 135.

24- شەمسی مەحەمەد ئيسكەندەر، بارودۆخی كوردستانو گەلی كورد لەسەدەی 16، وەرگێڕانی شوكور مستەفا، گۆڤاری كۆڕی زانياری عيراق، دەستەی كورد، بەرگی 18 و 19، ساڵی 1988، ل 119.

25- د. شاكر خصباك، الٲكراد دراسه جغرافيه اپنوغرافيه، مگبعه شفيق، 1972، ص ص 515-516.

26- بڕوانە كاروان، ژمارە 24ی ساڵی 1984 ,(الكرد وبعج مصادر تأريخهم الاسلامى)، ل140.

27- دراسات كرديه فى بلاد سوبارتو، ص 86.

28- مجله نوشفق،العدد 10 سنه، 2004، ص 133.

29- ماليسانژ، نەخشەی مەحمودی كاشغەرىو كوردستان، وەرگێڕانی شوكور مستەفا، رۆژنامەی هاوكاری، ژمارە (871)ی 1986/12/25.

30-31-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

32-گاهر احمد حويزى، كردستان فى الكتب القديمه، مجله كاروان، العدد 12 ايلول 1983، ص 146-147، له دائره المعارف القرن العشرين حرف(ح) وەريگرتووە.

33- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص 147.

34- مالمیسانژ، نەخشەی مەحمودی کاشغەریو کوردستان، هاوکاری، ژمارە (871) وەرگێڕانی شوکور مستەفا.

35- م. جەمیل رۆژبەیانی، سوڵتان سەنجەری سەلجوقی کوردستان سلێمان شاه ئەیوە، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (118)، حوزەیرانی 1988، ل 23.

36- شەمسی محەمەد ئیسکەندەر، بارودۆخی کوردستانو گەلی کورد، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، بەرگی 18-19، ل 118.

37- رۆشنبیری نوێ، ژمارە 118، ل ل 22-23.

38- ڤاسیل نیکیتین، الکرد دراسه سیسیولوجیه تاریخیه، ترجمه د. نوری گالبانی، الگبعه الپالپه، 2004، اربیل، ص 52.

39- هەمان سەرچاوە، ل 53.

40- هاشم کاکەیی، کەرکوكو کوردستانو چەند سەرچاوەیەك، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (16) بەهاری 2003، کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك، ل ل 69-70؛ هەروەها بڕوانە فەیسەڵ دەباغ، کوردستان لەچاپکراوە عوسمانلییکاندا، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2004، ل 127.

41- بڕوانە کوردستان لەچاپکراوە عوسمانلییەکاندا، ل 139.

42-43-44- محەمەد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تاریخی کورد کوردستان، بەرگی یەکەم، چاپی دەزگای سەردەم، ل 19.

45- د. فوئاد حمەخورشید، فیدراڵی نەتەوەیی-جوگرافی سیستمی سیاسی بۆ عێراقێکی یەکگرتووی بەهێزو جێگیر، وەرگێڕانی هیمەت کاکەیی، گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە (10)، کانونی دووەم، 2004.

46- د. عوسمان ئەبو بەکر، الکردولوغ الانگلیز بعد الحرب العالمیه الاولی، مجله شمس کردستان، العدد 59، 1980، ص 6.

47- خولاصەیەکی کوردو کوردستان، ل 28.

تێبینی : نەخشەکان ژمارە ( 1-2-3-4-) لەکتێبی (رحله فی ژاکره التاریخ)ی عەونی الداودی وەرگێراوە.